

بەکر دەروێش

# پێنج کورتیلە چیرۆک

### چرا و شەو

ڕۆمانێکم لەبەردەستدا بوو خەریکی خوێندنەوەی بووم، بۆ ئەوەی باشتر پیتەکان ببینم مۆمێکم داگیرسان و درم بەتاریکی شەو دا، شەو تورە بوو وتی: ئەم مۆمە چییە دات گیرساندووە، بۆ حورمەتی ڕەشپۆشیم ناگرێ؟ بەسەرسوڕمانەوە لێم پرسی: ببورە خوا نەخواستە خۆ هیچ نەبووە؟ گوتی: مەگەر نابینی مانگ مانی گرتووە و هەڵنایەت، دنیا تاریکە شەوە و منیش ڕەشم پۆشیوە؟ بۆیە زۆر داوای لێبوردنم لێ کرد، من حەز ناکەم هیچ کەسێکم لێ زیزبێت، بۆ ئەوەی شەویشم لێ زیز نەبێت، مۆمەکەم کوژاندەوە و چرایەکم داگیرسان.

### مۆرە

ئەو ڕۆژەی پیاوە ڕیش درێژە شەرواڵ قونەکە مۆرەی لێ کردم ، شەوەکەی تا دەمەوبەیان لە ترسانا نەخەوتم ، دەمەوبەیان کە خەوم لێ کەوت دیتم بەسیکارتێکی تیژەوە لەسەر سەرم وەستاوە و دەیەوێ سەرم ببڕێ ، کەوتمە پاڕانەوە لێی، سوودی نەبوو گۆش بەگۆش سەری بڕیم، کە لە خەو هەستام دیتم سپوساغ و زیندووم باوەڕم نەکرد ، ئێستا ڕیشم درێژە و شەرواڵەکەم کورتە، چەقۆیەکی تیژم لە توێی پشتوێنەکەمدا شاردووەتەوە و بەمۆرە سەیری خەڵک دەکەم.

## داهۆڵ

له خەوما بووبووم بەداهۆڵێک و لەسەر زبڵدانێک چەقێندراوم، گیرفانەکانم پڕن له قاوغه شقارتەی بەتاڵ ، نینۆکەکانم چوون نینۆکی دڕنده درێژ داهاتوون ، پرچی سەرم بووبوو به کاڕوشکه ، پێم پەتی و چاوم ڕیپۆقاوی ، مەلێکی جیقن دەیجیقان بەڕووما ، که بەئاگا هاتم خۆمم له حاڵێکدا بینییەوه خۆزگەم بەو داهۆڵە دەخواست.

## پارێزەر

که کۆلیژی یاسای تەواو کرد زۆر دڵی بەپیشەکەی خۆش بوو هەمیشه خۆی پێوه هەڵدەکێشا، بەردەوام چاکێت و پانتۆڵی ئەفرەنجی لەبەر دەکرد، جانتای دبلۆماسی هەڵ دەگرت و بۆینباخی دەبەست ، فلانی کوڕی فیسان پارێزەر... دوای چەند ساڵێک ئیشکردن لەو بوارەدا هێنده ناهەقی و نایەکسانی بینی و لێی بێدەنگ بوو، هێنده بەسەر هەق و ڕاستیدا بازی دا، ڕۆژێکیان هەستی به گۆڕانکارییەکی کتوپڕ له بەدەنیدا کرد، سەرەتا کلکێکی چکۆڵەی لێ دەرچوو، زۆر ترسا و بۆ کەسی نەگێڕایەوه چۆن بوو له ژێر جلەکانیدا شاردییەوه، پاش ماوەیەک دوو گوێچکیشی لێ ڕووا، چۆن بوو ئەوانیشی له ژێر کڵاو و شەبقەدا شاردەوه، پاش ماوەیەکی تر له کاتی دادبینیدا که قسەی دەکرد هەستی دەکرد دەزەڕێنێ، ناچار وازی له پیشەکەی هێنا ئێستا نەک خۆی پێوه هەڵناکێشێ بەڵکو تەنانەت له ڕووشی نایەت بڵێ پارێزەرم.

## تۆبەی گورگ مەرگه

خووڕەوشتی هەمووی گورگانه بوو، هەر له هەرزەکارییەوه چەند جارێک کەڵپەی له دوکی نەرمی دابوو، ماوەیەک بوو هەستی کردبوو خەڵکی شار هەموویان بەم خووەی دەزانن و ناوی کەوتووەته سەر زاران، له بیری ئەوەدا بوو چی بکا باشه؟ بەچ شێوەیەک خۆی بگۆڕێ تا ئەم خووه گورگانەی له بیر خەڵک بچێتەوه؟ لەپڕ باوکی مرد، مردنەکەی باوکی بەهەل زانی، له جیاتی گۆڕینی خووەکانی، کەلوپەلەکانی باوکی لەبەرکرد و تەنیا جلوبەرگەکەی گۆڕی.